هه لبژارده ی هونراوه کانی ماموستا مه لا عه بدول قادری سه عیدی

کوکراوه ی کاک فاضل سه عیدی

ماموستای قوتا بخانه ی ناونده ی

شاری سه قز

تیغی تو نوکی قه له م بیتو په ره ی کاغه ز سپه ر

من به تیغی وه لقه له م دوژمن هه مو بی ناوئه که م

هه‌ڵبژارده‌ی هونراوه‌كانی ماموستا مه‌لا عه‌بدول قادری سه‌عیدی

كوكراوه‌ی كاك فاضل سه‌عیدی

ماموستای قوتابخانه‌ی ناونده‌ی

شاری سه‌قز



تیغی تو نوكی قه‌له‌م بیتو په‌ره‌ی كاغه‌ز سپه‌ر

من به‌ تیغی وه‌لقه‌له‌م دوژمن هه‌موپێ ناوئه‌كه‌م

وه‌ناو خودێی مه‌زن

« ژیان هه‌مووی کۆچه هه‌مووی خۆشه‌ویسته
ئه‌م په‌رتووکه‌ی شێعری کلاسیکی کوردیمان،
بۆ کتێبخانه‌ی گشتی «شێخ شه‌لتوت»ی مه‌هاباد
دیاری و یادگاره، له‌گه‌ڵ ڕێزو خۆشه‌ویستیمدا »

ڕاسپدی نیا — منصورداد
مه‌هاباد ١٣٨٥/٧/٢

ناوی کتێب: هه‌ڵبژارده‌ی هۆنراوه‌کان

نووسینی: مامۆستای پایه‌به‌رز مه‌لا عه‌بدولقادری سه‌عیدی

چاپی : یه‌که‌م

ساڵی چاپ: ٧٩

ناشر: موحه‌مه‌دی سه‌قز

پیتچن: عه‌تا به‌رفی، کامپیوتێری به‌درخان – سه‌قز

شابك: ٢ - ١٠ - ٦٧٢٠ - ٩٦٤

964 - 6720 - 70 - 2 : ISBN

مافی له‌چاپدانه‌وه‌ی بۆ «محه‌مه‌دی» سه‌قز پارێزراوه

ته‌له‌یفوونی ئینتشاراتی سه‌قز: ٢٣٥٩٤ - ٠٨٧٤

٢٣٥٩٠

٢٨١٧٣

چونیەتی ژیانی شاعیر

ئەم نوسراوەی خوارەوە کە سەبارەت بە چونیەتی ژیانی شاعیرە، کە لە دەس‌نووسی خۆی، کە بە فارسی نووسیویەتی کردوومانە بە کوردی.

مەلا عەبدولقادری سەعیدی تیکان‌تەپە، کوڕی مەلا ئەحمەدی تیکان‌تەپە «مەلا کاکە نەوەی» شاعیر و عارفی بە ناوبانگ حاجی مەلا ئەحمەدی تیکان‌تەپە لە ڕۆژی سێ‌شەممە سێزدەی مانگی جیمادی و سانی ساڵی ١٣٢٨ مانگی بەرانبەر بە مانگی جۆزەردانی ١٢٨٨ هەتاوی لە دێی قەڵەندەری بۆکان، لەدایك بووە، کە مامی باوکی بە ناوی حاجی مەلا موحەممەد، کە پیاوێکی عالم و لە تەقوادا پایەی بەرزی بووە، بۆ مێژووی لەدایکبوونی بە فارسی گوتیویەتی:

سال تاریخ او خرد گفتا   عبدالقادر خدا بکرده عطا
شاه بغداد باندا بشمار   تا شود اسم او بدون خطا

مەلا قادر لە تەمەنی هەشت ساڵاندا، لای باوکی خەریکی فێربوونی قورئان بووە، لە پاش چەن مانگێ لەگەڵ فێربونی قورئان دەستی بە فێربوونی ئیسماعیل نامە و ناگەهان کردووەو، لە ساڵی ١٣٠٩ مانگی خوێندنی تەسریفی زەنجانی و گوڵستانی دەس‌پێکردووەو، بەم چەشنە بۆ بەرز کردنەوەی پلەی زانستی خۆی و فێربونی علوم و مەعاریفی ئەو سەردەمە، هاتووچۆی دێهات و شارەکانی کوردەواری کردووەو، لە دەرسی مامۆستایانی ئایینی کەڵکی وەرگرتووە، بە جۆرێ دوای تەواو کردنی کتێبی شەرحە شەمسی‌یە زیاتر لە ماوەی دوو ساڵ لە سلێمانی ــ عێراق لە لای مامۆستایانی پایەبەرز وەکوو مەلا موحەممەد سەعید، لە مزگەوتی (خومخانە) و مزگەوتی (مەلا فەتاح) و هەروەها لە خزمەت شێخ بابەعەلی و مەلا عومەری قەرەداغی لە مزگەوتی (قامیشان) خەریکی خوێندن و فێربوونی کتێبە ئایینیەکان بووە. دوای ئەوە لە ساڵی ١٣٠٩ هەتاوی گەڕاوەتەوە بۆ ئێران، کە هێشتا هیلاکی ڕێگای لە لەش دەرنەچووبوو، بە داخەوە دایکی کۆچی دوایی ئەکا، هەر بەم هۆیەوە ماوەیەك لە خوێندن دوور ئەکەوێتەوە، پاش ئەو ماوە دواکەوتنە و دووربوون لە خوێندن دوبارە بۆ فێربوونی کتێبی تەشریح و ریازییات ئەچێتە دێی (تورجان) خزمەت مەلا عەلی (وڵزی) هەروەها ماوەی دوو ساڵ لە خزمەت مامۆستای بەنرخ و پایەبەرز مەلا عیسا مەدینی شەفیعی

لە دێی (سەرا) ئیفتخاری شاگردی ئەبێت و، هەر لە خزمەت ئەواندا لە ساڵی ١٣١٢ هەتاوی ئیجازەی تەواو کردنی خوێندن بە شێوەی ئەو سەردەمە وەر ئەگرێت و ئەگەڕێتەوە بۆ دێی تیکان تەپەو، بە شێوەی باو و باپیری خۆی کە ماوەی نەوەد ساڵ لەوێ خزمەت و تەدریسیان کردووە، خەریکی تەدریس ئەبێت، لە پاشان بۆ ماوەی چەن ساڵێك ماڵی ئەچێتە کولتەپەی قورمیش، هەروەها بەردەزەرد و سولێمانکەندی و لە ساڵی ١٣٣٢ هەتاوی ماڵی دێتە شاری سەقز کە ماوەی دوازدە ساڵ لە خانەقای حاجی شێخ موستەفا و مزگەوتی حاجی حەکیم و دومنارە خەریك تەدریس و مەلایەتی ئەبێت. مەلا عەبدولقادری سەعیدی لە سەردەمی لاویەوە زەوقی هۆنینەوەی شێعری بووە و لە ماوەی ژیانی خۆیدا ئەشعارێکی جوانی کوردی و فارسی هۆنیوەتەوە، کە لەم دیوانەدا بەرچاو دەکەون جگە لەم کتێبە، مەولوودنامە و میعراجنامەی پیغەمبەری گەورەی نووسیوە. لە ئاکامدا ڕۆژی سێ‌شەممە، مانگی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٤٤ هەتاوی بە گوێرەی سورشتی ژیان کە لە دوای گوڵە نەورۆزە گەڵاڕێزانە کۆچی دوایی کردووە.

موناجات

سەراسەر غەرقی عوسیانم پەشیمانم خودا تەوبە
لە دەرگانەت پەناهینندە و دوعاخوانم خودا تەوبە
سەراپا سەرفی عومرم کرد لە وادی غەفڵەت و مەستی
ئەوێستە ئارەزوی هۆزی نزیکانم خودا تەوبە
حەقیقەت نامەیی ئەعماڵ تەواوی رەش بووە وەك رووم
بە بەدبەختی گرفتار و پەرێشانم خودا تەوبە
هەموو کەس روی هەیە رو کاتە درگانەت بە غەیرەز من
کە داماو و سەرئەفکەندەی گوناهانم خودا تەوبە
سەری کرد خوێن و خوێناوم لە جەرگ و دڵ وەکوو سێڵاو
گەشی خوێن شاهیدی دەعوای شەهیدانم خودا تەوبە
لە بەردەست نەفسی ئەممارە ئەسیر و مات و گیراوم
کەسی بێ کەس ئەتۆی یارەب موسڵمانم خودا تەوبە
جەهالەت هۆشی تالان کرد نەفامی شوێن وری تێکدا
رەفیقی وەحشیی سەحرا و بیابانم خودا تەوبە
بە بۆنەی ئەحمەدی موختار پەنام هێنا پەناهم دە
دەسە و خوا رو لە بەر دەرکی کەریمانم خودا تەوبە
شەقاوەت کۆڵەپشتی بەست لە پشتم هێزی ئەژنۆم چوو
بەسە توغیان و ئەشراری پەشیمانم خودا تەوبە
ئەسەف نەقدینەیی عومرم لە دەست دەرچوو بە خۆرایی
ئەوێستە بێنەوا و پیر و پەرێشانم خودا تەوبە
سەعیدی غەرقی گێژاوی پڕو پووچە فەقەت ئێستە
دەڵێ من تابعی خێڵی سەعیدانم خودا تەوبە

١٣٣٥/١٠/٢٧

مەدحی حەزرەتی رەسوولی ئەکرەم(ص)
استقبال از جامی علیه الرحمه

وەسەللا عەلا ئەحمەد رەئیسی خەزرەج و ئەوسا
لە فەیز و رەحمەتت نۆشەن شەرابەن تاهیرن کەئسا
لە سەر تەختی نەبووەت بوی کە ئادەم هەر گڵ و ئاو بوو
شەهەنشاهی شەوی ئەسرا ئیمامی مەسجیدول ئەقسا
وجودت میحوەری لەولاك مودیر و مەرکەزی ئەفلاك
سەناگۆی نەعبوود و ئیباك پەناه و مەلجەئی عیسا
رەسوول و رەهبەری ئەحکام ئومێد و پێشەوای ئیسلام
ئەمینی سورەی ئەنعام سەدیقی ئەعزەمی مووسا
گڵۆپی بەرقی کەونەینی زیائو نوری عەینەینی
رەفێقت سانیی ئەسنین چ خۆشە ئەم قسە و باسە
لە وەقتێکو وجوودی تۆ لە سەر ئەرزی زهووری کرد
فەلەك مات و تەحەیور ما لە خۆشیدا زەمین رەقسا
لە سەر خاوینیی قەلبت ئەلەم نەشرەح لەکە شاهید
خەزێنەی حیکمەت و عیرفان بە مەنشوری فەلا تەنسا
ئەتۆ دوڕی یەتیمی سیلسیلەی مەنزوومی مورسەل بوی
گەواهی بێ مەسیلی تۆ بە تەنها هاتنی شیسا
لە دانشگاهی لاهووتی دەبیری دەرسی حیکمەت بووی
چ شاگردێکی زانایە نە دەرسی دی و نە مامۆسا
سەعیدی وەسفی ئەو زاتە کە مەحموودی سەما واتە
چلۆن دێتە بەیانی تۆ فەتێلکەلوەسفە لا یوحسا(1)

٣٧/١/٣

---

(١) فتِلك الوصف لا يُحصىٰ

دایکی نیشتمان

دیــم دایــکــی نــیــشــتــمــان عــەزادار و دڵ پــەشــێــو
ڕەش پــۆش و زار و پــەرێــشــان و ویــشــکــە لــێــو
ئـاهـی مـەسـەلـی تـەمـی کـوێـسـتـانـەکـەی کـزەی دەهـات
بــرژەی دڵــی بــە ئــاگــری ئــاگــری دەهــاتــە کــێــو
پــێــم کــوت فــیــدات بــم چــیــە دایــکــی لاوی کــورد
دەڕژێنی ئـەشکـی خـوێـنـیـن لـە بـەیـانی هـەتـاکو شێـو
بـەو نـاڵـە حـەزیـنـە کـە جـەرگـی دەکـرد بـریـن
فـەرمـووی کـە کـۆزی کـوردە دیـسـان گورگـی کـەوتـە نێو
بـەعـسـی عـێـراقـی بـێ‌شـەرەف و هـاوکـاری بێ‌حـەیـای
دەکــوژن هــەژاری بــێ‌دەس و وەرزێــری دڵ پــەشــێــو
سێـڵاوی جـەیـشـی لـەگـەڵ بـۆمـب و تـانـگ و تـۆپ
ڕووی کـردە کـوردسـتـان و دەسـووتـێـنـێ شـار و دێـو
دەڕژێـنـێ خـوێـنـی کـورد و دەسـوتـێـنـێ مـاڵـیـان
بـاکـی نـیـیـە لـە دەر و دەشـت و لـەوەرگـا و وەرد و شـێـو
ئەو دایـکـە پـیـرە قـورپـەسـەرەی کـە دەژی بە پـێـی پـەتـی
ئـەو بـاوکـە پـیـرە زەلـیـلـەی کـە دەچـێ بـە دار و چـێـو
سـەریـان بـڕاوە بـە نـاحـەق لە کـوچـان و سـەر شـەقـام
خـوێـنـیـان ڕژاوە دەبـیـنـی بـە بێ سـوچ و بـێ جـنـێـو
مـــنـــداڵـــی بـــێ‌گـــونـــاه کـــە هـــێـــشـــتـــا لـــە لانـــکـــان
کـوژران بـڕان بـە مـەمـکـەوە سـاتـی مـژیـن بـە لـێـو
بـۆ مـەحـوی قـومـی کـورد وەهـا هـاتـە پـێـشـەوە
پـەروای نـیـیـە بـکـوژێ لـە نـێـر هـەتـاکـو مـێـو
ئـێـسـتـە بـڕۆ درەنـگـە بـڵـێ کـوردی بـاشـەرەف
ئـەی ڕۆڵـەی نـەبـەز و تـۆڵـەسـێـنـو سـەر بـزێـو

دایکی وەتەن حەڵاڵت دەکا شیری مەمکەکەی
حیفزی بکە مەدە دەستی بە دەستی دێو
هێندە دڵم سوتاوە بە فەوتی شەهیدەکان
ئاگر دەبارێ بە سەرما لە سوچ و سوقاق و نێو
نازانی قەومی کورد لە مێژە لە رێی خەبات
خوێنیان رژاوە لە پێناوی رەسم و نێو
پۆڵایە جەرگی وان کەوای مەرگە بەرگیان
پێش مەرگەیی ئەکەن بە شەو و رۆژ لە شاخ و کێو
قوربانی خاکی پێتە هەموو لاوی کوردەکان
سەریان تەواو لە رێتە هەموو عێلی سەر بزێو
بەو خوێنی گەشی کوردە لە هەر کاتێ سوورەکا
رو کاری خاك و دەر و دەشت و شاخ و کێو
کوری سەگ و چەقەڵ و گورگ چ دەتوانێ
پێی شێرەمەردی کوردە لە مەیدان کە بێتە نێو
خنجێری گەنجی کوردە کە سینە و زگی درێ
گوللەی تفەنگی کوردە لە کەللە دەچێتە نێو
بەرقی تفەنگی دیارە لە ئاسۆ و لە شاخەکان
پرشنگ دەخا وەکوو ئاوی هەتاو لە نێو
پۆل پۆل کە دێنە خوارێ هەموو توند و هەڵکراو
عەینەن دەڵێی پڵەنگن و رێوی دەگرنە نێو
پێش مەرگەکانی کوردە کە فەرقی لە لا نییە
رۆژ و شەو و هەڵەت و بەرد و شاخ و کێو
قەستەم دەخۆین بە خوێنی رژاوی شەهیدی کورد
بەو پیر و چاك و بە شێخ و مەلا و فەقێو
بەو چل چەمەی لە چەمی چاوی تۆرەوان بووە
دەرۆیت لە دەوری گوڵ و گوڵستان و باغی سێو

بەو تـاقـی بێـستون کـە بـە رەنجی کـورێـکـی کـورد
نەخشا بە خوێنی عیشق و دەریش هات لـە بیخ و جێو
بەو ریـزە شـاخ و چیـای لـە مەڵبـەنـدی کـوردسـتـان
غـەڵـتـانی خـوێـنـی رەنجبەر و وەرزێری دڵ پـەشێـو
بـەو بـابـە گـورگـورەی کـە لـە پێـنـاوی نـەفـتـەکـەی
مـاڵ و سـەری هـەمـوو کـوردان چـووە گـرێـو
رۆڵـەت لـە دەوری تـۆ، کـۆیـە بـە رۆح دەکـەیـن دفـاع
چی دی نـەبـیـنـە عـەبـد و نـایـدەیـن بە زێـر و زێـو
مـن کـوردی پـاکـم و بـە کـوردی دەڵـێـم رەفـێـق
بێ عـورزەیە کـەسێ کـە ولاتـی نـەکا بـەخـێـو

وەتەن

وەتەن خۆشە دێهات و شاری جوانت   وەتەن خۆزگە دەبوومە پاسەبانت
بەهەشتە جەنەتە فیردەوسە لای من   وەتەن شاخ و دەر و دەشت و کێوانت
وەکوو سەفیی مەلائك دێتە پێش چاو   وەتەن پێکو دەبینم لاوەکانت
گوڵستان و بەهارستانی من تۆی   کە نوری چاومە سەر چاوەکانت
وەتەن زنجیری مێهرت پێ بەسی دڵ   بە دەورتدا گەڕێ گشت لاوەکانت
وەتەن کێ بێسەری بێ عیشقی تۆبێ   رۆحی من بێ فیدای جوتیارەکانت
دەرونم ئاگری تێدا دەسوتێ   کە بێساحێب دەبینم نیشتمانت
شەرارەی ئاگری قەلبم بە داخت   بەڵێ تینی سەبونی گەرمیانت
وەتەن بۆبێکەسیت ئاهی دەرونم   بە عەینەن وەك تەمی کوێستانەکانت
وەتەن شەرت بێ لە زیللەت تۆخەلاس بیت   بکەم روحم فیدای داماوەکانت
وەتەن گەر دێتە بیرم سەر کزی تۆ   نەوەڵلا رۆژەکەی کوژراوەکانت
زوخاوە شەربەتم خوێناوە جەرگم   دەناڵێنم وەکوو گیراوەکانت
بە سۆزی ئاهی تۆ جەرگم کەبابە   نەماوە نۆجوان و پیرەکانت
(ئەوێستا) شاد و مەسرورە کە ئێستا   خەلاسیت هات لە دەست بێگانەکانت
لە دوێنێکۆ نەسیمی لای وەڵات دێت   هەوای عەینەن شنەی کوێستانەکانت
وەتەن شەرت بێ کە ئازادت ببینم   سەرم دانێم لە رێی سەربازەکانت

قەتڵی شەهیدان

بنووسە ئەی قەڵەم شەرحی ازین باب   بە فکری خۆت بخە ئیجاز و ئەتناب
لە رۆژی فرقەتت شێواوە حاڵم   بە میسلی زولفی خاوت رەنگ چو عەنّاب
سەف و تیپی موژانت حازرن بۆ   ئیشارەی غەمزەکەت تا ببنە جەلاّب
لە سەر سەفحەی لئالی وجهەت ئەی گوڵ   بووە جەمعی هەزاران شێخ و ئەرباب
کەمەندی ئەبروانت دڵ دەکێشێ   لە بۆمەیدانی کوڵمت میسلی سورخاب
بە حوکمی غەمزەکەت تیغی موژانت   دەکا پارە و دەرێژێ خوێن و خوێناب
لە بۆ قەتڵی شەهیدان بەسیە خوێنێ   سەری من تۆ کە نێوت نا بە سۆراب
خەتایە ئەو کەلامە دەر حەقیقەت   هیلالی ئەبروانی کرد بە محراب
موژەی قەد قامەتن نوێژم دەخوێنن   لە سەر مەیتم دەڵێن یاسین و ئەحزاب
سەدا بۆ عاشقان نوقسانی عیشقە   دەڵێ فەوتاوە عەقڵ و عیلم و ئاداب
سەعیدی تا قیامەت خۆڵ بە سەر کە   نییە بۆ تۆ عەزیزم وەسڵی ئەحباب

ڕەشەمە ڕۆیی

ڕەشەمە ڕۆیی خاکەلێوە هات	ساردی زمستان وەك دوژمن هەلات
بای شەماڵ هات و بەفری لەناوبرد	لە تەمی نەگبەت ئێمەی ڕزگار کرد
کوردستان دیسان ئەستێرەی هەلات	گوڵی ئازادی کەوتەوە ولات
جێژنی مێژوی کورد هەوەڵ ڕۆژی ساڵ	خێوەتی هەڵدا لە سەحرا و لە ماڵ
داران لیباسی سەوزیان لە بەر کرد	دەردی بەفرانبار لە دڵیان دەرکرد
گیانداران و گیا هەموو ژیاوە	ئاوری مۆکڵ شوکر کوژاوە
ڕەشماڵی کوردان بە دەم کوێستانۆ	وەك خاڵی کوتراو بە سەر دەستانۆ
فەرشی ئەتلەسین دیسان ڕاخرا	لە دێهات و شار چراخان کرا
تیپ تیپ و پۆل پۆل گوڵوك هاتنە دەر	چیا و شاخ و کێو دەشتی گرتە بەر
هەڵاڵە و بەیبون وەنەوشەو شەوبۆ	بە ڕەزا و نەرگس لە دامانی کۆ
مەزرا و شاخ و کێو هەموو ڕەنگین بوو	تۆوی ڕزگاری ولات پاك شین بوو
مژی مەینەتی لە سەرمان ڕەوی	ئاسمان دەیخواست ئاوات بە زەوی
هارەهاری ئاو شیوەڵ و چۆمان	بریقەی هەتاو شەپۆلی گۆمان
وێنەی بریقەی تاقی یەی نازداران	بە تالان دەبا عەقڵی دڵداران
کومەڵی کیژان لە بەر ماڵانۆ	تۆپلاخەی گوڵ بوون بە سەر چڵانۆ
باڵندان هاتنۆ لە گەرمێنەوە	وەك گیراوی کورد لە ڕۆم بێنەوە
سیخوار لە ناو چو سەر و خوار بو چاك	ڕۆڵەی وەتەنمان بونە کوردی پاك
هاو خوێنەکانم جژنو پیرۆز بێت	بژی ئەو کەسە بەمە دڵسۆز بێت
بە پیرۆز و بێت ئەم جەژنە جوانە	شوێن و ڕێی دەورەی پاشای کیانە
موبارەکتان بێت ئەم جەژنە خۆشە	بمرێ ئەو کەسە وەتەن فرۆشە

«چ بکەم»

لە دوریت نوری چاوانم بە شەو ناڵە نەکەم چ بکەم
بە دەوری مانگی روی تۆدا دڵم هالە نەکەم چ بکەم
لە زیندانی زەنەخدانت دڵم یەخسیر و مەغلولە
ئەگەر هاواری ئەو بێچارە عەوداڵە نەکەم چ بکەم
ئەرێ ئەی تاقە ئەستێرەی بەیانی رۆژی خوشبەختیم
بە تۆ تەنویری قەلبی خۆم هەموو ساڵە نەکەم چ بکەم
وەها تەسویری باڵای تۆلە بەرچاوم موسەوەر بوو
بە رۆژ و شەو موتالای ئەو خەت و خاڵە نەکەم چ بکەم
بەهایی لێوی ئاڵی تۆدەڵێی خوێنی دڵ و رۆحە
سەر و ماڵم رەهینەی ئەو قژە کاڵە نەکەم چ بکەم
میسالی حاڵی کوردانە پەشێویی و دڵ پەرێشانیم
کە وا بێ رۆح فیدای ئەو بەژن و دەرماڵە نەکەم چ بکەم
بە تورکی چاوی مەستت خوێنی من دەرژێنی چون کوردم
لە دەس شمشێری بێ‌رەحمیت هەرا و زاڵە نەکەم چ بکەم
لە نێو عاشقانی شەمعی روت دەکەی تەجویزی قەتڵی من
سەراپای خۆم بە خوێنی دڵ وەکوو ژاڵە نەکەم چ بکەم
بەرێی عیشقا کە رابوردم دەڵێن پێم شێت و پەتیارە
کە وا بێ پۆستی دڵ لەم رێ بە بەن کاڵە نەکەم چ بکەم
بە بێ تۆژینی من قەتعە ئیشارەی دوکتەرم ناوێ
دەوای دەردم بە بۆسەی ئەو لەبە ئاڵە نەکەم چ بکەم
بە عەین دوو چاوی کاڵت ماڵی عەقڵ و هۆشی تاڵان کرد
نیساری گوشەیی چاوت من ئەو ماڵە نەکەم چ بکەم
خەمی ئەبرۆت بری جەرگم غەمیش حەملەی لە بۆ هێنام
بە روی تیری مژۆڵی تۆ دڵ ئاواڵە نەکەم چ بکەم
لە دەفتەرخانەیی عیشقت سەعیدی سەبتی نێوی کرد
سەحیحە مەدرەکم قوربان کە ئەم حاڵە نەکەم چ بکەم

٣١/٩/١٧

ربیع الاول ١٣٧٢

پەندی پیری دڵسۆز

دوێنێ دیم جوانێ کە هاتوو شوێن و ڕێم پێشان ئەدا
تازە دین و ئاینی ئێرە و ئەوێم نیشان ئەدا
پێم دەڵێ پیرێکی سادە و بێدڵ و ناحاڵییە
وا دەزانێ هەر جوانە یارمەتی ئینسان ئەدا
ڕۆڵە شوێنی ئێستەکەی تۆ خوێندن و زانیارییە
هەوڵی زانین دەکە زانین عیزەتی وجدان ئەدا
سەبز و خورەم کە دڵت وەك مامی پیرت پڕ نەشە
سەیری کەیف و ئەو هەوام کە بۆی هەوای کوێستان ئەدا
تۆبە مووچە مخلەتێ مووچەی دڵت ئاویاری کە
چەندنی توخمی سەداقەت حورمەتی پیاوان ئەدا
سەر بەس و ئازاد و پیاوانە بژی ئەی چاوەکەم
تیشکی تاوی سەنعەتە بەرقی لە سەر کێوان ئەدا
ڕیشەیی خۆت مەبڕە بەو ڕیشەی کە ڕیشەی دەرهێنای
ڕێ گرە ئەو دەس بڕە دەرسی هەزار شەیتان ئەدا
تف لە چاپلووسی و درۆ و حیزە بخۆ و بێیارمەتی
چون ئەمانە وێنەیێکی کار و پیشەی وان ئەدا
شوێنی ئیسلام پێش گرە تەقلید مەکە بێرە و بەوی
وەحدەتی دینە کە کۆمەڵ موحکەم و سامان ئەدا

میللەتی خۆت خۆش بوێ مەیدە بە دەم بێگانەوە

ئەو کەسە بێگانەویسە بێ‌شکە سەد گان ئەدا[1]

خزمەتی خاکی وەتەن گەورەترین دینداری‌یە

گەر بزانی ئەم وتانە سەر لە نێو قورئان ئەدا

گوێ مەدە هاشەی ئەوانەی ناحەزی ئەم خاکەتن

دەس بدە گوێی بیرفێنە چونکە شێوەی خان ئەدا

پێم دەڵێ جەرگم دەسووتێ هەر منم دڵسۆزی تۆ

قرچە قرچەی تینی نەفتە جەرگەکەی داغان ئەدا

با رەقیب کوێر بێ لە داخی ئەو وتەی من پێت دەڵێم

ئەمڕۆ هەر دێ یەك لە ئێران شێوەیی تاران ئەدا

من بە کوردی پێت دەڵێم رۆڵە بزانە چی دەکەی

هەر کەسێ حسی نەبێت بۆنی گەلی حەیوان ئەدا

اف بێژووە ئیعلان ئەدا

کچە کوردە

کچە کوردەی بە نازەی چاو کەژاڵە
قەشەنگەی شۆخ و شەنگەی هەژدە ساڵە
بە تاتای سیلسیلەی زولفت ئەسیرە
هەزاران لاوی کوردی ئەو محاڵە
تەنافی تاڵی زوڵفت هەڵدەواسێ
لە مەیدانی روخت چەند کورد لە ساڵا
مەگەر تورکی بروت حوکمی وەهای کرد
کە خوێنی عاشقانی تۆ حەڵاڵە
بە خوێنی جەرگی کورد بەس پەنجە سوور کە
مەگەر تیری موژەت تورکی کەماڵە
لە باوەش خۆت گرە یارانی شەیدات
هەتا کەی ئارەزووت بۆمە محاڵە
لە سەر سینەت کە دڵ جێی گرت حەواوە
حەقە جێی کە، لە بۆوی ماڵ و حاڵە
لە چای بەر گەردنت دڵ دیلە، روحم
ئەویستەیش بۆ قەزات سینە مەتاڵە
لە سەر تۆ گەر سەراپا غەرقی خوێن بێ
نییە باکی شەهیدی چاوی کاڵە
لە ترسی تیغی ئەبرۆت گەر نەناڵم
شەو و رۆژ دڵ دەکا ئەو ئاه و ناڵە
ئەتۆ با من بە بێگانەیش بزانی
لە لای من چاوەکەم ئەو خاڵە، خاڵە
وەکوو مەجمەر دەسووتێ دڵ لە دووریت
هەناسەم وەك تەمی ئەو دەشت و یاڵە

ئەگەر کوژراوی ڕێی عیشقت لە یاد چێ
بترسە دێتە ئەستۆت ئەو وەبالە

نەڵێی تۆ کوردی و شوێنە بۆت ڕژاوە
لە بۆ ئاوات و ئامانجت بناڵە

لە موڵکی سینە و ڕووت سەر بە خۆم کە
بەلامۆوەك سوێس و پورتەقالە

لە بەر پێی پەرچەمی زولفت هەمیشە
دەڵێم بشنێ خودا ئەو ئاڵ و واڵە

لە ژێر باری خەمت وەختێ حەسامۆ
شنەی زوڵفت کە دێت بەو بای شەماڵە

دەڵێ ئاوات ئەتۆ خوێری و بەتاڵی
ڕفێقی پیاوی حیز پێم زەهر و تاڵە

بە ئازادی دەخوازی ماچی لێوم
لە تاڵی و سوێریدا قەتقەت مەناڵە

بە بێ ڕوی تۆیە ڕۆژم زوڵمەتی شەو
لە سەر تۆیە لە خوێنا تەن شەلاڵە

لە باغی میللی و گوڵزاری پاریس
بە بێ تۆ بم بەلامۆ درك و داڵە

خەیاڵم حاشییەی شەرحی فەراقت
کە شۆری قەلبی من جەبری مەتاڵە

لە سەتح و دایرەی دڵدا کشاوە
سەراسەر نەقشەیی ئەو خەت و خاڵە

کوره کورده

کوڕە کوردەی پەشێوەی سەر شێواوە
ڕەشیدی قارەمانەی شۆخ و لاوە
دەڵێی لاوانی کورد کوژراوی دەس تۆن
بەڵێ شوێنێکە بۆ عاشق ڕژاوە
هەمیشە تۆ ئەسیری زولفی خاو بووی
لە ژێر باری خەما پشتت شکاوە
بەڵێ شوێنە لە بۆ عاشق غەم و دەرد
دەبێ سینە سپەر بێت تاکوو ماوە
نەکوژ ڕێی چون دەگەی بەو شەمعی ڕوی من
چ گەنجێ بێ غەم و ڕەنج کۆ کراوە
کەسێ داخوازی ماچی کیژە کوردە
فیداکارە و شەهیدە و سەربڕاوە
بە حەق سینەم حەڵاڵ و نیشتمانی
کەسێکە ڕۆژ و شەو مەحبەس خراوە
بەڵام وەسڵم محاڵە بۆ کەسانێ
نەزانە و بێسەوادە و خەو لە چاوە
هەموو عالەم هەماغوشن لەگەڵ یار
کوڕە کوردە لە بەندیدا کە ماوە
دەسە و خوار و کز و تەنهات دەبینم
زوخاوە شەربەتم جەرگم نەماوە
کە دەوبینم بە دایم لێو بە بارن
هەناسم بۆنی بۆسۆی دێ لە تاوە
دەکەم دایم بە زوڵفم باوەشێنی
کوڕێک عارەق ڕژێن و هەڵکراوە

لە قوڵکی گەردنم شەربەت دەنۆشێ
لە رێی ئازادی مندا دڵ سوتاوە
عەزیزم تۆ غەیور و سەربەخۆبە
سەراچخ دەم لە سەر سینەم بساوە
لە بەینی گەردن و روم گوڵ بژێر کە
لە سەر روم ئەگریجەم تۆبیدە لاوە
هەتا کەی تۆبە یەخسیری دەناڵی
چرای رزگاری گش کەس هەڵکراوە
بە شەقامی مەراما هەر وەکوو پیاو
بڕۆ عەیبە ئیدی وەخت نەماوە
کەسێ لای من بە حەق شەیدای عیشقە
لە سەر ئامانجی خۆی مەردانە ماوە
هەتا کەی ناجی یە لۆمەی ئەتۆ کات
بە بێ عیلمی، برا خەنجەر مەساوە

به خەیاڵی خاڵی خەدیجەی
(خەدیج) خەیاڵی

ئەی فیدایی چاوی کاڵت ڕۆح و گیان و ماڵ و سەر
ئەی فیدایی لێوی ئاڵت جەرگ و سی و بەند و جگەر
سیلسیلەی گیسوویی تاتات دائیرەی ڕوی گرتە بەر
پێم دەڵێ دەور و تەسەلسول چاکە لێی کەی ئەلحەزەر
داخی دووری وەسڵی تۆئینشایی فەسڵم پێدەکا
خوێنی تۆمەخفی لە دڵدا چون مەجازی موستەقەر
شەرحی هیجران و فیراقت بە حسی ئەتنابی دەوێ
موقتەزای حاڵم موتەوەل، تەرکە لای من موختەسەر
گەر تلووعی رووی دەبوو ئەو شاهیدی کەنعانیە
دەست بوریدەوا دەزانن لەت دەکەن نارنجی تەڕ
گەر دەپرسی ئیسمی یاری پڕویقار ئەی ئەهلی دڵ
وەك ئیشاراتی بەهایی هەڵگری ڕەمز و خەبەر
(خێ) خەتو خاڵی بە خوێنی جەرگی عاشق سوور دەکات
(دالی) دەیپۆشێ لە عاشق چونکە قەتڵی دێتە سەر
(یێ ی) دەڵێ یارێکی غەدارم موژەم تیغی دڵە
من بە قوربانی دوو چاوت زەنبوکەلی موغتەفەر
(جێ ی) جەماڵی گەر تلوعیش کا لە ژێر هەوری سەری
ماه و خورشید و عەتارود پاك دەبێتە سوجدەبەر
گۆشەیی دەستماڵی لادا و سونبولەی رووی بوو زهوور
عەقرەبی جەنگی میسالە پەرچەمی زولفی لە سەر
من بە دەورتدا گەڕێم خاڵی چەنەت چۆن ماچ نەکەم
حەج بە بێ ماچی حەجەر ناتق نی یە ئیبن و حەجەر
قەدی سەروی جۆیبارە یا نەمامی عەرعەرە
دەك زبان لاڵ بێت سەعیدی بۆچی ناڵێ نەیشەکەر!

١٣١٠/٦/١٦

تەخمیسێ لە سەر قەسیدەیەکی

شاعیری بە ناوبانگ

مامۆستا نالی

غەیری حوببی وەتەنم باقی خەیاڵ سەرسەرییە

عیزەتی میللەتی خۆم ئەم سەری تا ئەو سەرییە

بۆ فیدای خاکی وەتەن رۆحە بۆ خۆی موشتەرییە -

«بیدی مەجنوونە وجوودم لە هەموو بەر بەرییە

نە کەسێ مونتەفعی یەك بەرییا و سێبەرییە

***

ئێمە پێویستە کە زنجیری ئەسارەت بە هەموو

دەری هێنین لە مل و فکرێ بۆ خۆکەینەوە زوو

کوێری کەین دوژمنی ئەو خاکە بە نووکی قەڵەموو

«چیت لە کاکۆڵی سەر و موویی میانی داوە؟

هەموو هەر هەمم و پەرێشانی و دەردی سەرییە»

***

بێ خەبەر تاکوو بە کەی بۆوەتەنت بێ شەوقی

شەرەف و سەروەتی خۆت کۆکەیەوە بۆ خەڵقی

ژێر دەسی ناحەزی خۆت نوکەریی مافەوقی

«بەرپیا باری تەکالیفی رسوومی بۆ خەڵق

چ دەکێشی؟ ئەمە بارێکە عەلاوەی کەرییە»

***

تۆ ئەگەر باخەبەر و خاوەنی عەقڵ و بەشەری
ناکەویە ژێردەسی ئەو میللەتە حیز و حەشەری
بیر کەوە کوردە لە تاڵان و بڕۆ دەربەدەری
«موتمەئن خاتر و ئیمەن مەبە هەرگیز لە لە شەڕی
نەفسی ئەممارە کە ئەم مارە لەگەڵ تۆ شەڕییە»

***

ڕۆح فیدای کوردە چ ئاغای چ مەلا
قۆچی قوربان لە بۆشا و گەدا شێخ و مەلا
قومری باغی وەتەنە، ناڵە دەکا ئەی فوزە لا
«لۆمەیی «نالی»ی دێوانە مەکەن ئەی عوقەلا
موددەتێکە کە زەدەی لەتمەیی دەستی پەرییە»

١٣٢٥/١/١٣

تەخمیسێ لە سەر غەزەلێکی

شاعیری بە ناوبانگ

نالی

«یار دڵی خوێنین دووچاوی پڕلە گریانی دەوێ»
عاشقێکی سادق و شەیدا و حەیرانی دەوێ
ساحێبی پەیمان و عەهد و قەلبی بوریانی دەوێ
یا لە بۆ کوشتاری عاشق فەسڵی سەیرانی دەوێ
«ئارێ ئارێ گوڵ لە باخان ئاوی بارانی دەوێ»

تا فیراقی تۆ بووە بۆم ساتێ دڵ نەسرەوتووە
سەر لە گێژاوی غەما گێژە و لە بەر پێت کەوتووە
بۆنساری مەقدەمت گەردن کەچ و سەر خەوتووە
«دوور لە تۆ دڵ هێندە بێئارام و بەدحاڵ کەوتووە»
«ئەی مەسیحای عەسر! لەو لێوانە دەرمانی دەوێ»

***

«هەر کەسێ روی تۆدەبینێ خۆی بە قوربانت دەکا»
خۆی فیدایی قەوسی ئەبرۆو تیری موژگانت دەکا
سەر لە مەیدانی ئیتاعەت گۆیی چەوگانت دەکا
هەر لە سبحەینی هەتا شەو عەزمی سەیرانت دەکا
«چونکە ئەبرۆی تۆهیلالی عیدە، قوربانی دەوێ»

***

«ئاو لە چاومدا بە خوڕدێ ناری دڵ ناکوژێتەوە»

ئەشکی گەرمم شاهیدە بۆ ئەو کوڵەی دڵ پێتەوە

چون لە بەر بارانی غەم دام چاو تکەی نابڕێتەوە

سۆز و سووتان و گڕی دڵ یەك سەعات ناکوژێتەوە

«وەك جەهەنم ئەم تەنوورە ئاوی تۆفانی دەوێ»

***

«عیشق سوڵتانێکە هەرگا روو لە وێرانێك بکا»

تیری قەتڵی کوشتەگانی روو لە ئینسانێك بکا

یا بە بێ لوتفی بە جارێ روو لە دیوانێ بکا

بۆ گرفتاری دڵم گەر ئەمڕۆ فەرمانێك بکا

«ئاهی سەرد و ئەشکی گەرم و قەلبی بوریانی دەوێ»

***

ئیفتخارە بۆ سەعیدی پاسەبانی حوجرەکەت

وەك بەیانەی زەرد لە زەردی پشت پەنجەکەت

یا لە بەر برقەی دەمە و گوارە و گوڵی ئەگریجەکەت

«رووم ئەوا زەرد بوو وەکوو پایز لە داخی هیجری تۆ»

عیشق ئێستاکەش لە من مەیلی بەهارانی دەوێ

٣٢/١٠/٩

ئەی موحەممەد ئەنوەر[(١)]

ئەی موحەممەد ئەنورە هێزی دوو ئەژنۆم چاوەکەم
رۆڵەیی پاکی وەتەن ئاواتە جوان و لاوەکەم
رۆڵە وا چاکە بە غەفڵەت عومری خاوەن قیمەتت
سەرفی بێکاری نەکەی هەروەك برا گیراوەکەم
هەوڵی زانین دە خەریکی سەنعەت و خۆیندن ببە
بەسیە بەدبەختی جەهالەت رۆڵە سەر شێواوەکەم
ئایەتی هەل یەستەوی بیخوێنەوە حاڵی دەبی
فەرقی چەندێکە سەواد و بێسەوادی چاوەکەم
تیغی تۆ، نوکی قەڵەم بێتو پەڕەی کاغەز سپەر
من بە تیغی وەلقەلەم دوژمن هەموو بێناو ئەکەم
بۆ تەرەقی میللەت و خاکی وەتەن قەت مەسرەوە
یەکیەتیو بێ، دەفعی ناحەز کەن لە خاك و ئاوەکەم
کوردسانە قیبلەکەم مینای دەڵێ نەشکێ کوڕم
بۆ سەفای وی قۆچی قوربان سەد سمایل ناوەکەم
زەمزەم و ئاوی حەیاتە چۆمەڵ و جۆگە و شەتی
شەرت و ڕوکنی من تەوافی مەقبەرەی کوژراوەکەم
تۆبڕۆ خاری نیفاق بدروو لە نێو مەزرای دڵت
جا بڵێ توخمی سەعادەت رۆژ و شەو تێراوەکەم
هەر وەکوو ئەجدادی خۆت بۆ مەرزەبانی خاکەکت
خوێنی گەش بڕژێنە بۆ ڕێی خاکە دڵ سوتاوەکەم
من بە کوردی پێت دەڵێم رۆڵە بزانە چی دەکەی
تویش مەبە باعیس پەشێوی جەرگە هەڵقر چاوەکەم

اف کوڕی گەورەی شاعیر

رۆڵە ناجی‌یە[١]

رۆڵە ناجی‌یە هێز و هەناوم
بەندی جگەرم بینایی چاوم
لە مێژە باوکی پیرت لێ دوورە
فرمێسکی چاوی هەر خوێنی سوورە
سەمەرەی دڵم رۆڵەی شیرینم
تا کەی وا دەبێ من تۆ نەبینم
هەر ئاخ و داخ و حەسرەت بکێشم
هەر بکولێتەوە دڵی پڕ ئێشم
پەروەردەم کردی گوڵی حەیاتم
تا ببیە باعیس کەیف و نەجاتم
چەن تاڵی و سوێریم لە سەر تۆ دیوە
نەمامی باڵات پێی نەدام میوە
نەمزانی رۆڵەی کوردی بەدبەختی
هەر بە منداڵی ئاوارەی سەختی
بزانە نەوەی کوردی بێ چارەی
هەر نەحەساوە و لە ماڵ ئاوارەی

١- کچی گەورەی شاعیر

فرمێسکی خوێنین دێت لە دوو چاوم
هەر وەکوو کوردان هەر بە نێو ماوم
لە دووریت ڕۆڵە هێندە پەشێوم
وەك نەخۆشی دار، گیان لە سەر لێوم
نازانم ڕۆڵە بۆچ سارد و سڕی
یا تۆیش وەك خەڵکی لێمان دڵ پڕی
یادێ بۆناکەی لە باوك و خۆشکت
یا لە ئەنوەری دەم و لێو وشکت
ئەگەر تۆنەکەی فکرێ بۆ کەست
یا هەوڵێ نەدەی لە ڕێی مەبەست
ئەی ڕۆڵە یا خوا هەر ئاوارە بی
وەك جەرگی ئەمن پارەپارە بی

١٣٣٠/٥/٣ هەتاوی

بە هۆی ڕۆیشتنی
موحەممەدی برام بۆ
خوێندن

برام ڕوناکی دوو چاوی کوێرم
خودا حافیزت بە خوات دەسپێرم
دڵ پڕ لە تەمە و مات و غەمگینە
لە نێو خانووی دڵ گریان و شینە
فرمێسکی خوێناو دێت لە چاوانم
لە بۆ تۆ برای یەك ڕۆح و گیانم
هەرچەن ئاگرت لە جەرگم ئاویت
بەندی دڵەکەم بە دووریت بڕیت
لای من خۆشترە زەلیلی دووریت
لەو کزیەی بە هۆی نەزانین کە دیت
دەبێ سەد پیاومان بلاڵێتەوە
تا یەك نەفەرمان جێگەی بێتەوە
خەتای خۆمان بوو کە سارد و سڕ بووین
وەئیلا ئێمەیش وەك خەڵکی کوڕ بووین
چون خەڵکی پیاو بو خوێندی بە مەردی
بووە مامۆستا ئەتۆ شاگردی

ئایەی وەلقەلەم وەمایەستوروون
روتبەیی عیزەتی بۆخۆی هێنابوون

بێسەواد هەموو کز و بێکارن
نابینی عالم ئاغا و سەردارن

ئێستەش براکەم خۆمەغافڵینە
ریشەی نەزانین لە بن دەربێنە

شەو رۆژ ماتڵ مەبە بخوێنە
خۆت لە شەوەزەنگ جەهل دەربێنە

بە گاواسنی سەعی و هەوڵدان
شێف و وەردی کە زەویەکەی ویجدان

لە مەزرای عیلما یەکە جوتیار بە
پیس دروو، مەبە زۆر چاك هوشیار بە

ئەو ساتە دانەی مەحسولی مەقسوود
بیهێنە ماڵۆ دانیشە خوشنود

ماڵ و منداڵت لە بەهرەی شاد کە
لە دەست بەدبەختی گشتی ئازاد کە

وەتەنی پاکت چاوەروانە
پەیدا بێت لە خۆی چەن رۆڵەی زانا

سەعیدی وتی عەرزی خۆی کاکە
یا پێت خراب بێت یا لە لات چاکە

ئەی برام

ئـەی بـرام گیـانم فـیـدات کـوانـێ وەفـاکـەی دوێـنـەکـەت
بۆچ کـوژانتۆئـەی عـەزیـزم نـەخـشـە و رێ و شـوێـنـەکـەت
بەو خودا با تۆیش لە من سـەد سـاڵی دیش دوور کـەوتـەبی
قـەت لـە پـێـش چـاو و دڵـم دەرنـاچـێ شـکـڵ و وێـنـەکـەت
بـا نـەخۆش و خـەسـتـە بـم ئـەمـڕۆ نـەگـا دەسـتـم بـە تـۆ
هەر ئومێدی ڕۆژی هەستانم هەیە بگرم قەفی پشتوێنەکەت
فەرمـوو بـێـرۆدوو بە دوو بیـکـەیـنـەوە سـەیـران و گـەشـت
خـەم فـرێـدەیـن ڕوو بـکـەیـنـە جـێ هـەوارگـە کۆنەکـەت
سـەیری خێلی کوردەکان کـەیـن گـەر لـە کـوێـسـتـان دێـنـەوە
حەی حەیـو قیـل قـاچ و تـەقـڵـەی لاوە دڵ پـڕ خـوێـنـەکـەت
چـاو کـە بـرقـەی بەر بـەرۆکـی بـێـرە دۆش وەك تـۆپـی گـوڵ
جـا بـڵـێ ئـەی کـیـژە کـوردە دڵ فـیـدای دەس وێـنـەکـەت
بـا بـچـیـن بـۆلـێـرەوارِیـا چـەمـەن یـا چـۆمـەکـان
ڕۆژی جـەژنـە هـەڵـپـەڕیـنـە ڕاپـەڕە بـۆ شـوێـنـەکـەت
ڕوو بکە مـەزرا و چـڕی سـەر شـاخـەکـانـۆ جـا بـڵـێ
ئـەی وەتـەن ڕۆحـم فـیـدای پـاڵای بـەری دروێـنـەکـەت
خـەت و خـاڵـی مـێـرگ و تـیـشـکـی هـەتـاوی جـۆگـەکـان
وەك بریـقـەی بـەر سـەری و گـوارەی کـچـە بێ وێـنـەکـەت
بـۆچـی نـاپـرسـی لـە حـاڵـم من ئـەسـیـری زوڵـفـی تـۆم
سـەیـری بـەژن و گـەردنـی کـیـژۆڵـە دڵ خـاوێـنـەکـەت
چەن خۆشە سوبحی هیوام هەڵبێ لەگەڵ تۆدەس لە مل
موژدە دەن مۆکڵ نەما هەستە لە نێو جێ و نوێنەکەت
مـن کە زنـجـم دا کـوتـی بـۆخـزمـەتـی گـەنـجـان و لاو
حـازرم بـۆخـزمـەتـی بـەرزنـجـە و بـتـوێـنـەکـەت
گـەر سـەعـیـدی هێزی ئـەنجامی مەبەستی تۆی نەبێت
تۆهەڵستە پرسە حالیو، دەس دە دەس هاو خوێنەکەت

پێشکەش بە ئەدیبی موحتەرەم

شێخ رئووفی ضیائی

زیائیی بەخشی، هەر دوو چاوانم
رۆشنایی دڵ و رۆح و رەوانم
زانای دانشمەند رەئوفی رووخۆش
شاعیری بەرز و مامۆستای بەهۆش
شیرین زمان و دەم بە پێکەنین
حوجەتول ئیسلام هادی رێگەی دین
پیری هەڵبڕاو لە گەل و غەریب
بێ هاوماڵ و کەس هۆشیاڕ و ئەدیب
میهمانی عەزیز دورکەوتەی وڵات
سورمەی چاوی من تۆزی خۆڵی پات
سەرم لە بەر پێت، پێت تاجی سەرم
داناوە لە رێت تا بە رێت بەرم
سەرفی حاڵەکەم بێ تۆ بێ سەرفە
نە ئیسمم ئیسمە نە حەرفم حەرفە
نەحوەی عەمەل، نەحوم غەڵتە
ناقیسە فیعلم زەردیم سفەتە

وەزعی شەخسی من دەپرسی زارە
حەقیقەت چووە پاك موستەعارە

ئیسمی تەفزیلت کە دێتۆبیرم
بە داوی لوتفت، هێشتا یەخسیرم

رەسم و ئایینم هەر حوبی تۆیە
وەسڵەی قەدیمە ئەم تار و پۆیە

فەسڵی وەسڵی تۆلام بە قیمەتە
ئەتنابی ناوێ ئەم حەقیقەتە

نەقشەت لە سەتحی دڵدا کشاوە
ئەو رەسم و خەتە شوێنی هەر ماوە

ئەلقادیم یەزار سەحیحە و راسە
وەما من عامە جێی باس و خواسە

نەخۆشی باعیس مەحرومی منە
لێ بوردن شێوەی گەورە و مەزنە

سەعیدی وەك خۆی روونە ئەشعاری
هەر دوو داوا کەین لە خوا رزگاری

١٣٤٠/٩/٩

پێشکەش بە مامۆستای بە نرخ

حاجی رەحمان آغای موهتەدی

یانەی تاریکم بە رووت رۆشن کە
دڵە کیلکەکەم کێڵگە و گوڵشن کە
نەهاتی ئەمن ئێستە نەهاتی
هاتی هاتنت لە من بوو قاتی
مامۆستای بە نرخ ئاقای موهتەدی
خودا حیفزت کا لە بەڵاو بەدی
زانای دانشمەند فازڵی مەزن
لە رووی لوتفەوە دەپرسی لە من
لە رۆژێ ئەمن لە تۆ دوور کەوتم
زۆر نارەحەت و قەریب بە مەوتم

٤٢/٦/٢٢

پێشکەش بە دۆستی بەڕێز

سەیید محەممەد بەرزەنجی

برای بە نرخی نێو کوردستانم
مودیری زانای دەبیرستانم
سولالەی پاکی عەلی موجتەبا
بەرزنجی بەرزی گوڵی بوستانم
بۆچ لە بیرت چووم ناکەی تۆ یادم
خۆمن گیان فیدای رووی ئەلستانم
دووریم لێ مەکە هەر هاتووچۆم کە
خۆبێگانە نیم خزم و کەستانم
مەڵێ تۆپیر و بێکارە و وشکی
رنوی قەندیلم رۆڵەی کوێستانم
دڵم پاراوی لوتفی پارتە
قەت ویشك نابێ ریشەی بوستانم
میوەی خەباتم تازە دێتە بەر
پشکووت گوڵاڵەی نێو گوڵستانم
چاودێری دەکەم چڵی نەمامت
چونکە چاوەڕێی رووی مەبەستانم

بەزم و شادییە لە هەموو لایەك
ساقی دەیگێڕێ پیاڵەی مەستانم

بووکی ئارەزووم لە باوەش دەگرم
ئەو ساتە دەبییە شێعر و داستانم

تارای سوور لابەم لە سەر روومەتی
بە یادت ماچ کەم چاوی دوستانم

دەس لە ملانی بم، بمژم لێوی
کوێر کەم مۆکڵی زوو هەڵستانم

ئێستە نەخۆش و وابارم لارە
بە کاری چی دێ لە خەو هەستانم

راستت پێ دەڵێم راستی زۆر چاکە
من خزمەت کاری بەرز و پەستانم

٤١/٦/١٦

دەعوەت لە دۆستی خۆشەویست
ئاغای بەرزەنجی
بۆ خواردنی کەڵوپا

جـــێـــی شـــادی و بـــەرزی و حـــورمـــەت و ژیـــنـــم
رۆشـــنـــی بـــەخـــشـــی دڵـــەی حـــەزیـــنـــم
چـــون دایـــم ســـەرم لـــە بـــەر پـــێـــت نـــاوە
نـــەهـــار ســـەر و پـــێـــم بـــۆ تـــۆ لـــێـــنـــاوە
پـــێـــت لـــە ســـەر چـــاوم فـــەرمـــوو بـــۆ ئـــێـــرە
اجـــابـــەی دەعـــوەت واجـــب و خـــێـــرە

٣٩/٧/٢٨

مەدحی حەزرەتی قطب الربانی

سەیید عەبدوللا گەیلانی

شەهەنشاهی گەلی خوبان عەزیزم رۆحی شیرینم
سیراجە دینی گەیلانی فیدات بم کۆڵەکەی دینم
نەهالی رۆڵەیی تاها سەلیلی غەوسی محیەدین
چرای ئالی عوبەیدللا لە جێگەی غەوسی شەمزینم
وەکوو مەجمەر دەسوتێ دڵ بە سۆزەی میروە حەی فەیزت
لە چاوانم شەو و رۆژ دێت بە دایم ئەشکی خوێنینم
لە بەر درگانەکەت کەوتوم فەقیر و بێنەوا قوربان
تەوەجوهکە بە حاڵی پڕلە ناڵە و قەلبی بێ تینم
بە داغی فیرقەتت جانا لە مێژە داغدارە دڵ
شفای ئەو دەردە تۆی قوربان لە جێی تاها و یاسینم
هەزار وەك خواجەیی چەرخی لە حەڵقەی مەجلیست حازر
موحەممەد زاهیدە ساقی ئیمامی مەعریفەت بینم
دەکەم ناڵە و فوغان دایم وەکوو بولبول غەزەل خوانم
هەموو کەس تا بزانێ من سەگی تاهای شەمزینم
لە جێی شاهی بوخارا کەم مەدەد کە دڵ بریندارم
سەراسەر غەرقی عوسیان و خەجاڵەت بار و مسکینم

دەبرژێ جەرگ و دڵ دایم دەسوتێ کورەی سینەم
هەناسەم ئاورە بۆیە کە چاو دەڕژێنێ ئەسرینم

شەها بە دینی تاهایە لە تەئسیری فیوزاتا
لە ژێر ئەو چەرخە قوتبێکی وەها عالی کە نابینم

بە حەق تۆ مەزهەری نوری خودا و کانی کەراماتی
موجەدد شاهی عەبدوللا سیراجی میللەت و دینم

سولالەی فاتیمەی زەهرا نەمامی نەورەسی حەیدەر
لە قەبزەی شای رەسوولەڵڵا موقیمی تەختی تەمکینم

بە بێ تۆ کوێرە بینایم ژیانم بۆچیە قوربان
زیا بەخشی دوو چاوانم وجودت باعیسی ژینم

سەعیدی کەوتوە قوربان لە درگانەت نیگاهی کە
ئەسیری نەفسی ئەممارە و زەلیل و مات و غەمگینم

سال ٢٨

لە مەدحی حەزرەتی سەراجەدین
شێخ موحەممەد عوسمانی نەقشبەندی

مەداری دائیرەی شەمسی ئەشعەی نوری یەزدانی
ستارەی عزەتی شانی هەواخواهانی رەبانی

ئەرێ ئەی مەزهەری فەیزی تەریقەی قادری و نەقشی
لە جێی شاهی بوخارا و موجازی غەوسی گەیلانی

لە مەکنو زاتی ئەسراری ئیلاهی و مەعدەنی غەیبی
خولاسەی گوهەری تەقوا سەحیحەی کانی عرفانی

گوڵی باغی زیائەدین نەمامی رۆڵەی نەقشی
سمەیی شاهی زینورەین لە نەسلی پاکی عوسمانی

سراجەدین شەهی عوسمان موحەممەد نوری چاوانم
موجەللەل مەجلیسی خەتمت بە لوتف و فەیزی سوبحانی

تەوەجوهکە بە حاڵی من نیگاهێ کە بە ناڵینم
زەلیل و مات و غەمگینم نیشاتی قەلبی بریانی

لە مینایی سەفایی وی دەکەم ڕۆحم فیدا یەکجار
نەوەك خۆم تاق و تەنیا بم، کەس و کارم بە قوربانی

هەوای کەعبەی حەریمی تۆلە مێژە شوێن و ئایینمە
مەقامی تۆلە سەر چاوە تەوافت شەرت و ئەرکانی

کە فەسڵی وەسڵی تۆ قوربان هەمیشە ئارەزوی دڵمە
لە بۆ ئەم دەردی دووریمە حەکیمی دەرد و دەرمانی

کەسێ خۆی زادەیی گوڵ بێ، دەبێ مەحبوبی بولبول بێ
سەعیدی مەنعی تۆناکەن، وەکوو بولبول غەزەڵخوانی

بە بۆنەی تیاچوونی دڵتەزێنی

سەیید سەلاحەدینی بابەشێخ

ئەسەف رۆیی لە بەرچاوم گوڵی گوڵزاری رەنگینم
نیشات و نشئەتی قەلبم وجودی باعیسی ژینم
وەکوو مەجمەر دەسوتێ دڵ لە دووری رۆڵەیی زانام
بە تینی ئاوری دوریت دەبرژێ قەلبی بێ‌تینم
نەمامی تازە سەر کەوتووم گوڵاڵەی تازە پشکوتوم
عەجەب یارەب چلۆن ماوم کە چەن رۆژێکە ناتبینم
ئەجەل هەروەك خەزان هات و گوڵی عومری بە بادا دام
بەهاری عومری من تیاچوو، لە پڕ هات وەعدەی شینم
برا ئینساف نەبوو تەنها منت جێ‌هێشت و خۆت روییت
کە ئێستە بێ‌کەس و هەمدەم پەشێوە مات و غەمگینم
شەو رۆژ کورەیی سینەم بڵێسەی ئاوری لێ‌دێت
خودا لەم ئاگری جەرگە بە کوڵ هات ئەشك و ئەسرینم
ئەوا دەروێشەکان هاتن هەموو رەش‌پۆش و غەمبارن
لە بۆ سەید سەلاحەدین جوانی مەعریفەت بینم
بپرسن بۆ خودا بۆچی بە جێی هێشت خانەقا و تەکیە
کە وەختی ئەو نەبوو مردن، ئەمن بوو مەرگ و یاسینم

لە خزمان و رفیقانت ویداعت کردووە قوربان
ویداعت بوو بە داخی دڵ سەلاحم ڕۆحی شیرینم

خودا حافیز براکانم دوعام بۆبکەن ئەوا ڕۆیم
کە چون ئەم ڕێگە زۆر دوورە مەگەر مەحشەر بتانبینم

نەفەرمووی بێوەفایی کرد، ئیجازەی لێم نەخواست ڕۆیی
ئەجەل مەئموری جەلبم بوو هێنای دەستوری تەکفینم

لە دڵ دەرناچێ حوببی تۆ غوڵامی تەکیەکەی غەوسم
لە خزمەت مانەوەی جەددم بە دوریت داوییە تەسکینم

بۆ مەرسییەی عارفی رەبانی

حەزرەتی شێخ عەلائەدین نەقشبەندی

هەوری بارانی غەمە دەرژێنێ ئەشکی ئاتەشین
یا کە زوڵماتی تەمە دایگرتووە قەلبی حەزین
بۆیە رەش پۆشە جیهان ماتەم زەدەن عالەم هەموو
چون ئوفوولی ئافتابی پۆلی ئەقتابە یەقین
ئەی موسڵمانان وەرن سەف سەف لە دەورم چین بە چین
یەکنەوا حازر بین بۆ مەرسییەی قوتبول یەقین
شەعەلائەدین مەداری عالەمی ئیسلامیان
فەیز بەخشی قودسیان و پێشەوای موئمینین
کانی عیرفان بوو عەزیزم زاتی وا عالی نەبوو
موستەشاری ئەولیائوو خادەمی شەرعی موبین
ئەی زییابەخشی دوو چاوم کوێرە بینائیم لە بۆت
ئەی پەنای ئەهلی شەریعەت شاهبازی مورشدین
هەر وەکوو مەجمەر دەسوتێ شەو هەتا رۆژ جیسمەکەم
ئەی دریغا نائومێد خۆم چاو بە خوێن و دڵ برین
هایلەی وا گەورە بۆ دین بێنەزیرە قەت نەبوو
حازرانی مەجلیسی تۆ ئەولیائو موتەقین

چەشتنی جورعەی ویسالّی حەق بە حەق هەروا دەبێ

هەمرەهانت خواجەگان و داغدارت عارفین

نەسلّی فاروقی عومەر، ئەی نائیبی خیرولبەشەر

جێنشینی شای بوخارا و شەمعی جەمعی سالکین

ئیلتیامی ئەم جەریحەی قەلبە راسی وا دەبێ

دەرکەوێ ئەنواری عوسمان و ببێتە جێنشین

تەسلیەت بۆ عالەمی ئیسلام سەعیدی کافییە

ئایەتی مژدە و بەشارت فازە ئەجرولسابرین

٣٢/١١/١٠

ئەشعاری بێغەرەزی رەمزی

هەر لە بۆ ئیسلام دەبێ بنالم
خەسارەت مەندن هاوار بە مالم
رەهبەریان شێخە شێخی بێ ئینساف
بەش بەشیان کردن بە چەندین ئەسناف
مەلا و خەلیفە ئەوانیش هەروا
چیان پێ کردین پەنا بە خودا
ئەو سێ شەخسانە لە هەل مەن یەزید
مەلا و خەلیفە شێخانی جەدید
جا بە فەریاد و بە چەن قسەی حەق
جا چۆن حالیکەم ئینسانی ئەحمەق
من بە تۆی دەلێم سا بە خودای ناس
بۆ خودای دەلێم نەك بۆ ئەسکەناس
ئەوەلین خەتا ئەستۆی مەلایە
مەحزەری شەرعن کاریان ریایە
ئەرێ ئەی مەلا ئەتۆنیت رەهبەر
بۆ موسولمانان لە جێی پێغەمبەر
ئیسقات و زەکات تەواوی ئیحسان
حەلالتان فەرموو بۆ خانەقاکان
فەقیر و مسکین چیان بۆ ماوە
لەعنەت لەو ذاتەی فتوای وای داوە
چەن حیلەی شەرعی لە نێو ئێمەدا
باعیس هەر ئێوەن بروزتان پێدا
جەنابی مەلا چیتان لێ کردین
لێتان ون کردین ئەسل و فەرعی دین

جارێك نەتفەرموو بیدعەت روویداوە
موسڵمانینە بکشێنە دواوە
تەریقەت بۆمە هیچ واجب نییە
بەڵکوو بیدعەتە هیچ سوننەت نییە
ئەگەر پێدا بێت ئوستاد بۆ تەریق
خەیانەت ناکەم پێت دەڵێم رەفیق
بە دینی ئیسلام بە جادەی مەزهەب
شێخ دەبێ دونیای لا نەبێت مەتڵەب
بۆ خۆراك و ژین قاوت و ئاو بێت
بۆ شەو چلەکەی خوێن و زوخاو بێت
بۆ بەڵای خودا حازر بێ بێ ئۆف
لە نێو درندان دانیشێ بێ خۆف
لە ماڵی حەڵاڵ نابێت تێر بخوا
نە وەکوو حەرام بە لێشاو بخوا
بە رۆژ واعز بێت بۆ موسڵمانان
بە شەو شەو نوێژ و چاو پڕ لە گریان
دەبێ وەعزی ئەو برووسکەی نوور بێت
لە پادشای بکا سەر بەرۆژوور بێت
لە سەر بەحرا بڕوا بێ گەمی
هەروەك مراوی نەوەك ئادەمی
بە نەزەری پاك لە شاخ و لە بەرد
بیکا بە تەڵا لە بەرچاوی مەرد
فی لجوملە خاك بێ بۆ خدمەتی خەڵك
نەی بێت ماشێن و قووەی چرابەرق
ئایا نازانن ئەوانە هەونین
بە دەست ئەوانە بەدبەخت و کردین

حەق هەزار نەفەر قەومی کاکەیی
قەومی شکاکیش بە ئەندازەی وی
لە دین چوونە دەر بۆرێی کافری
لە دەس نائەهلی نەقشی و قادری
ئیمزایان فەرموو بە ناو تەرێقەت
بەڵکوو ئارام بێت زەمزەمەی بیدعەت
تەرێقەت چییە خالیس ریازەت
ئوستاد بۆچییە دینداری و تاعەت
ئەقەلەن دەبوو بڵێن ئەی مامە
تەریق بۆ جاهل ئیگجار حەرامە
چون لە سەرتانە قەرزی چەن ساڵە
تا واجب مابێ سونەت بەتاڵە
خانەقاتان کرد مەقامی نەجات
فەرامۆشتان کرد تەواو واجبات
وردکە نانێکی لەوێوە دەهات
کردتان بە نووشتە بۆ ئەهلی دێهات
لە عومری ئینسان جارێك واجبە
چوونی بەیتوڵڵا تەوافی کەعبە
ئەمرت فەرمووە بۆ گشت موسڵمان
هەتاکو دەمرن خانەقا جێتان
شوهرەتتان پێدا لە نێو موسڵمان
شێخ دەبێ ببێ تا ئاخر زەمان
روتبەی خانەقا مەقامی عەرشە
مزگەوتی فەقیر جێی گاڵتە و فشە
مزگەوت بووەتە جێگای کافرۆش
خوڵی خانەقا دەرداوی و نەخۆش

گەر ئێوە بۆ شێخ دەستە و نەزەر بن
دەبێ جاهیلان هەر قوربەسەر بن
دەس مایەی شێخان یەک عەبا و بەرماڵ
مەلا بۆی ساز کرد قەسر و مڵک و ماڵ
خودا قەهر گرێت بۆ ئینتقامتان
خانووی پڕ دووکەڵ جێی ئیحترامتان
لە کوورەی ئەرزی جێتان نادەنێ
ئاسمان دوورە شوکور نایگەنێ
مەگەر بە ئەمرو قەولی شێخەکان
جێتان بدەنێ بە کاغەزی وان
ئێوە نەوفەرموو بۆ کوللی بەشەر
لازمە مورشد بۆ هەموو نەفەر
لە وەقتی مەرگ سؤال و جەواب
شێخ حازر دەبێ هەروەک دایک و باب
هەرکەس عەقیدەی بە بەردێک هەبێ
ئاخر ئەو بەردە بەهرەی بۆ دەبێ
ئەگەر لە دونیا تۆ بێ مورشد بی
لە مەحشەر بێ کەس هەروەک هەتیو بی
شیخو بولیند کرد خۆتان نەوی کرد
حەڵقەی غولامی عومووم لە گوێ کرد
غەم ئەتۆم نی یە کەوا دوا کەوتون
قورئان و حەدیس چاوە پاش کەوتون
مومکنە بەعزێ لەو شێخانە حەق
باقی دی هەموو شێخی نابەحەق
تەبلیغات بکەن بۆ شەخسی عاقڵ
حوببی شەریعەت بچێتە ناو دڵ

مەترسە برا لە دڵ چیتە دەر
خودا پیاوی راست زوو دەخاتە سەر

پێغەمبەران و خولەفای ئیسلام
هیجرەت و غەزا کردیان بۆ ئیسلام

ئەمر بە مەعرووف نەهی لە مونکەر
لە سەر مەلایە بۆ هەموو نەفەر

لەم تاریخەوە گەر نەکو نەکار
حەیاتان دەبەم بۆ سەر لکی دار

جەنابی مەلا زۆر چاکی بخۆ
پلاوی چەور و خۆرشتی درۆ

با قەدو باڵات ئیکجار ئەستور بێت
بەڵکوو لە قیامەت جێگات تەنور بێت

بە کەریش بڵێ نابێ وەها بێ
جا دەڵێن مەلا بووەتە وەها بێ

ئەو بەیاناتەم بۆ رۆژی مەحشەر
شکایەت دەکەین لە لای پێغەمبەر

کاری مەلاکان هەر بۆ دونیایە
هاوار بۆ ئیسلام، هەر بۆ خودایە

باسی شێخی جەدید

سەلام وعەلەیك ئەی شێخی جەدید
شایستەی ئیسلام بۆ کوللی مورید؟
شێخانی قەدیم تۆ خودا هەروا بوون
بۆ دونیای موردار وا ماخولیا بوون
فاسوونیای ئاڵمان تۆلە بەری کە
چاکت بۆهاتوە سیملەت گیف کە
قیمەتی شارێك شام و نەهارت
گەردشی شاران راوو شکارت
بە جیبێ دەرۆی وەك تەیری بێ باڵ
دڵخوازت گەر بێت ئەو مەنزڵ و ماڵ
سەدای رادوێکەت زندەگی بەخشە
هەر ساعەت بەزمێ ئەو بەزمە خۆشە
لە جێی شەو نوێژ و گریان و خەڵوەت
غورابی و تۆشە بو بە شەو چەلەت
باغ و باغاتت وەك قەسری شەداد
میوەی لەتیفی هەرچی دەڵێ زیاد
وەتاغی بەرز و فەرشی رەنگاورەنگ
موبلو سەندەڵی رەفێقی سەرهەنگ
زورووفی چینی مەجوعەکانت
بە عەینی بەهەشت ناو قەسرەکانت
بە سەرا و پەردەت شاهی جیهانی
بە ئیدعاکەت غەوسی گیلانی
ئەو دوو ئەمرانە زاهیرەن زۆر زید
هەریەکیان راستە بە رەبی واحد

بەهەشتی دونیا بۆ تۆ تەمامە
بەهەشتی باقی لە تۆ حەرامە

ئەرێ یا شێخ گیان دەزانی مردن
خۆت ناپارێزی لە حەرام خواردن

ئەرێ یا شێخ گیان خەزێنەی غەیبێ
لە ماڵی تۆیە قەت وشک نابێ

ئەرێ یا شێخ گیان جومعە و جەماعەت
نوێژی مزگەوتێ بە بانگ و قامەت

سەدەقە و ئیحسان ئەعمالی خێرات
قوربانی و مەولوود واجبە و زەکات

بە عیلمی غەیبی لە خوات بیستووە
ئەو واجباتەت لە سەر لاچووە

بۆیە بە شەرعێ کارت نەماوە
وەلی لە واجب ئازاد کراوە

بەهەشتی باقی و موڵکی مەوقوفە
چۆنی دەفرۆشی زۆر نامکرووفە

لە کتێب مەشایخ ئایا هۆشیاری
یا هەر دەزانی حەڵاڵە دیاری

با بۆت بەیان کەم شێخی شازەلی
چۆنی فەرمووە لە بابەت وەلی

دوژمنی مورید لە نەفس و شەیتان
هەر زەخمێ بیکەن لە نێو دڵی وان

تەوەجوە بکا لە رووی زەخمانی
بە قووەی نەزەر بیکا دەرمانی

حەسەنی بەسری وەهای فەرمووە
شێخی نابەحەق بۆخۆی مردووە

قـــەت مــردوو مــردووی پـــێ زیـنــــدوو دەبـــێ؟
قـــەت نـوســـتـوو خـــەوتـــووی پـــێ هـــۆشـیـــار دەبێ؟
دەبــــێ مـــوریـــدیـــش ئـــەحـــوالــــی وابــــێ
هـــەمـــوو واجـــبـــی بـــە جـــێ‌هـــێـنـــا بـــێ
لـــەگـــەڵ واجـــبـــات نـــێـــو کـــولـــلـــی سـونـنـــەت
حـــەزرەتـــی رەســـووڵ بـــۆ زیـــادی خـــزمـــەت
بـــە ئـیـســـتـیـــخـــارە شـــێـــخ وە دەســـت بـــخـــا
دوور بـــێ یـــا نـــزیـــك پـــەکـــی خـــۆی نـــەخـــا
شـــێـــخ و مـــوریـــدیـــش گـــەر پـــووچـــەڵ نـــەبـــن
وەك ئـــەســـتـــێ و پـــووشـــو بـــێ‌شـــك هـــەڵ دەبـــن
دەســـــتـــــووری تـــــەریـــــق وا دانـــــراوە
تـــەریـــقـــی ئـــەورۆهـــەر بـــۆ پـــڵاوە
ئـــەرێ یـــا شـــێـــخ گـــیـــان گـــەر پـــیـــاوی چـــاکـــن
بـــۆچـــی هـــاتـــووچـــۆی یـــەك تـــری نـــاکـــەن
قـــەت دوو شـــێـــخـــت دی پـــێـــکـــەوە ســـاز بـــن
بـــۆدیـــتـــنـــی یـــەك بـــرا و هـــەمراز بـــن
تـــۆوی عـــەداوەت لـــە نـــێـــو مـــوریـــدان
بـــاعـیـــس هـــەر ئـــێـــوەن ئـــەوان بـــێ‌خـــەتـــان
ئـــەرێ یا شـــیـــخ گـیـــان شـــێـــخـیـــەتـی ئـیـرســـە
یـــا بـــۆ جـــاهـــیـــلان عـــەبـــایـــێـــك بـــەســـە
خـــودا فـــەرمـــوویـــە ئـــێـــوە هـــەر شـــێـــخ بـــن؟
ئـــەولاد بـــە ئـــەولاد تـــا وەکـــوو مـــردن؟
مـــەگـــەر کـــە ئـــێـمـــە عـــەبـــدی خـــودا نـــیـــن؟
یـــا ئـــەولادی جـــوو، نـــامـــوســـڵـــمـــانـــیـــن؟
بـــۆچ لـــەو مـــیـــلـــلـــەتـــە شـــێـــخ پـــەیـــدا نـــابـــێ
یـــا کـــەرت کـــردن خـــانـــەت خـــراب بـــێ

ئیتر یا شێخ گیان بۆ خاتر قورئان
مولّکت پێ کڕین لاچۆلە نیومان
ئەوەی وەرت گرت گەردنت ئازا بێ
تۆبەی لە سەرکەو رووت لە خودا بێ
دەبیتە مالك دونیای زۆر خۆش
ئەوجار پێت نالّێن قیامەت فرۆش
نومایندەی شێخ شەخسی مونەوەر
دادت بە دیندا جا داری عومەر
ئەگەر بۆ دین بێ گەردشی دونیات
ئیحسانی زۆرە بۆ رۆژی جەزات
وەلێ وەك ئێمە بە چاو دەبینین
تالب بە پوولّی زۆر دوری لە دین
ئایا خەلّیفە ئیسلام بە ریشە
یا رەگی ئیسلام دێنی لە ریشە
گەر بە ریش بوایە وەلی موعتەبەر
نێری پێش مێگەل ئەبووە پێغەمبەر
مەتلّەبت نەبێ زەمزەمەی عالەم
موسلّمانی ساغ رازییە بە کەم
غەمی تۆم نییە دەکەی گەدایی
مالّان دەگەڕێی شایی بە شایی
جێبت پڕ دەکەی رووی خۆت رەش دەکەی
لەو عەبا و ریشە هیچ شەرمێ ناکەی
رەئیسی تەریق، شاهی نەقشبەند
ئابڕۆی تۆبردت لە کن عاقلّمەند
تۆ مالّی دزی زوو دەبینییەوە
ئەرێ ئەو دزە بۆچ نابەسیەوە

شێخت مەعلومە ئاغا و دەوڵەتمەند
تۆ چلۆن دەبیت بە ساحێب کەمەند
تو خودا مەعلووم کە کاری خۆت لە من
یا من حاڵی بم دۆستی یا دوژمن
پیاوی دەوڵەتی ماڵیات وەردەگریت!
یا کوێخای رەسمیت نیزامی دەگریت!
ئیتر بەسیەتی هەمووت کەر کردن
لە دین و دونیا بێبەشت کردن
بە مەکر و فێڵ و قسەی نەرم و نۆڵ
چاوی ئیسلامت پڕ کردن لە خۆڵ
مەلا و خەڵیفە دایم ناسازن
دەڵێ لە سونفی تەراز و بازن
خەڵیفە هەر جێیەك دارای مەلا بێت
قەت بۆی نەچوە لێی میوان نابێت
وەك من زانیومە حەقی مەلایە
چون ئیدعای وی یەكجار باڵایە
ئیدعای وایە هەر ئەمنم رەهبەر
بۆ موسڵمانان لە جێی پێغەمبەر
تاکوو میللەتم شەرعزان نەکەم
بۆلای هیچ شێخی حەوالەی ناکەم
بە بەراتی وان من ژیان دەکەم
بە دینی ئەوان خەیانەت ناکەم
خەڵیفە دەڵێ عالەم گونەکار
دەبێ تۆبە کەن لە دونیای موردار
مەلا پێی دەڵێ بە دینی ئیسلام
تۆبە لای خودا دەبێ سەرئەنجام

تـۆبـۆ تــەعـلــيـمــی تـەریـقـــەت نـابـــی
شـێخ خـاتـیـمـەی هــات تـۆیـش فـنـیـش دەبـــی
خـــەڵــیـــفـــە دەڵـــێ ئـــە تــۆی وەهـــا بـــی
دوژمـــنـــی تـــەریـــق بـــۆمــــەلا نـــابـــی
مـــەلا دەفـــەرمـــێ بــــە قـــســەی حـیــســابـی
تـــۆلـــە قـسـەی مــن بـــۆ حـــاڵـــی نـابـــی
ئـــایــــا تـــەریــقـــەت داخـــڵـــی شـــەرعـــە
یـــا غـــەیــری ئـــەوە ئـەویــش یــەك نـــەوعـــە
ئـــەگـــەر داخـــڵـــی شـــەرعـــی ئـیــســلامـــە
هـــەر مـــەلا لایـــق بـــۆ ئـــەو مـــەقـــامـــە
ئـــەگـــەر خـــارجـــە لـــە جـادەی مـــەزهـــەب
دیـــنـــی تـــازەیـــە نـــایــكـــەیـــن بـــە مـــەتـڵـەب
بـــە مـــوریـــدان دەڵـــێ هـــەر تـــاكـــوو زووە
مـــەلا دەر بـــكـــەن كـــار مـــەغـــشـــوش بـــووە
مـــەلایـــش پــێـــێ دەڵـــێ عـــەوامـــی بـــەدخـــوو
رازق خـــودایـــە نـــەك بـــە دەســـتـــی تـــو
شـــەرتـــە هـــەتـــاكـــو بـــە رۆح بــمـــێـــنـم
لـــە جـوابـــی حـــەقـــدا قـــەت دانـــەمـــێـــنـم
عـــەجـــایـــب مـــاوم ئـــەمـــن لـــەو كـــارە
قـــســـەی حـــەق دەڵـــێـم بـــێ پـــووڵ و پـــارە
هـــیـــچ كـــەس نـــایـــەوێ، لــــە گـــوێ نـــاگـــرێ
زگـــیـــان دەمـــاســـێ هـــەر وەخـــتـــە بـــمـــرێ
خـــەڵـــیـــفـــە زۆر چـــاك تـــالانـــیـــان دەكـــا
بـــە مـــاڵـــی ئـــەوان خـــۆی بـــە مـــاڵ دەكـــا
هـــیـــچ كـــەس نـــاوێـــرێ بـــڵـــێ خـــەڵـــیـــفـــە
ئـــە تـــۆبـــۆچ ئـــێـــمـــە دەكـــەی تـــریـــفـــە

خانەقای شێخان بە چاومان دیوە

هێندە دوور نی یە کەمێ لەو دیوە

بۆلای مەشایخ مەئمووری ناوێ

هەرکەس تالب بێت زوو خۆی تێداوێ

بەس یە ئەی رەمزی بۆ تۆ دەردی دڵ

بێسەواد بۆ تۆ قەت نابێ عاقڵ

بە عیلمی عەلی و بە عەقڵی لوقمان

بۆت حاڵی نابێ ئینسانی نادان

ئەمن مونکر نیم بە شێخی بە حەق

راستی پێت بڵێم تاڵە قسەی حەق

ئەگەر مونکرم تیرێ نازڵ کەن

لە دڵم کاری کەن دڵم جەلب کەن

ئەمڕۆ رۆژێکی نەفسی یە

بۆ دینی ئیسلام هیچ گوڕە نی یە

حاکمی ئیسلام شێخی با قودرەت

دینی وەلانا بۆ عەیش و لەزەت

قورئان و حەدیس مزگەوتی ئەعزەم

بۆ خەتاکاران بە گژوو داکەم

یادگاری جهت دوست گرامی و رفیقِ صدیق
آقای حریقی

خوش آن مجلس که یاران جمع باشند
ز گرمی محبت شمع باشند
خوش آن حلقه که درد و غم در آن دور
که هر کس خود بخود خشنود و مسرور
ندارد ره در آنجا کینه و درد
نه خاری در دل و نه بر رخی گرد
همه مست می فهم و معانی
که با هم همدل و راز و نهانی
همه چون زاهدان راست هشیار
بجز مطلب ندارند با کسی کار
نه تزویر و ریا در کار دارند
نه بوی فاسدی دربار دارند
همه شب زنده و بیدار دل پاك
مزور نیستند چون شیر بی‌باك
شفای پر بها بخشد بمحفل
رساند هرکسی را حد اکمل
مریدانش بدور خود کند جم
مطیع جام بزمش خسرو و جم
بر آن باده هزاران عمر بر باد
که شاهان و گدا را میکند شاد
نوای ساقیان گل رخانش
نمی‌گنجد کنم وصف و بیانش

جوانانی دهد تشکیل و ترکیب
شدند استاد علم عشق و تحبیب
سر سفره چنان دامی نهاده
همه با هم غلام خانه‌زاده
پلو در پیش همچون قله کوه
که مرغان آشیان کردست در او
کهن دیری سزد سر حلقه‌اش باد
ز حسن خلق او غم گشته بر باد
حریقی را کباب دل کند ساز
به تار دل زند مضراب آواز
عزیزان دست بگردن گل در آغوش
شراب آب حیوان را کنند نوش
سعیدی را سعادت جوی تو بود
به لطفت گر کنی یکبار خشنود

۱۳۳۵/۹/۷

غزلی از شیخ اجل سعدی شیرازی

که توسط ملا عبدالقادر سعیدی بِه زبان شعر از آن استقبال شده

یک روز به شیدایی در زلف تو آویزم
و ز آن دو لب شیرین صد شور برانگیزم
گر قصد جفا داری اینک من و اینک سر
در راه وفاداری جان در قدمت ریزم
بس توبه و پرهیزم کز عشق تو باطل شد
من نیز بدان شرطم کز توبه بپرهیزم
سیم دل مسکینم در خاك درت گم شد
خاك سر هر کوئی بیفایده می بیزم
در شهر برسوائی مطرب بدفم بر زد
تا بر دف عشق آمد تیز نظر تیزم
مجنون رخ لیلی چون قیسی بنی عامر
فرهاد لب شیرین چون خسرو پرویزم
گفتی بغمم بنشین یا از سر و جان برخیز
فرمان برمت جانا بنشینم و برخیزم
گر بی تو بود جنت بر کنگره ننشینم
ور با تو بود دوزخ در سلسله آویزم
با یاد تو خود سعدی در پوست نمی‌گنجد
چون دوست یگانه شد با غیر نیامیزم

استقبال از غزلی از استاد سخن
سعدی شیرازی

هر شب به غم و محنت تا صبح که می‌خیزم
می‌غلطم و می‌گویم کو یار دل آویزم

در کلبهٔ احزانم هر لحظه ترا خوانم
گر لطف کنی جانم جان در قدمت ریزم

آنوقت مرا شاید آزادی و خوش‌بختی
با دلبر جانانم در سلسله آویزم

بی روی دل آرایت نشکیبم و نارامم
از وصل تو دلشادم با غیر نیامیزم

از فرقت روی تو شب تا بسحر یارا
آه‌ست که میگویم اشکست که می‌ریزم

در حشر اگر گویند برخیز و بهشت بنشین
گویم ز کجا یارم بنشینم و برخیزم

از نالهٔ هجرانم گر طعن زند ناصح
گوئیم نمی‌گنجد از جان که بگریزم

چون شعشعهٔ گلها از ریزش بارانست
من بر گل رخسارت صد اشك فرو ریزم

باشد که سعیدی را با سعدی نخوانندش
او صدر مجلس بود من ساکن دهلیزم

sima

به مناسبت تشریف‌فرمائی
حضرت مولانا خالد نقشبندی به سقز

خوشا آن دم که بوی روضهٔ رضوان می‌آید
نسیم فیض‌بخش و رحمت یزدان می‌آید
در این محفل نمیدانی که چندین شاهد غیبی‌ست
تعالی الله چه بوی گل از این گلدان می‌آید
همه در حیرتم یارب مگر عیسی فرود آمد
که از هر طرف کوه و دشت گل و ریحان می‌آید
شده خلد برین سقز ز نور قدسیان امروز
که بدر نو گل عثمان ز کردستان می‌آید
شده سقز چو کوه طور ندانی معنیش ای دل
ضیای آفتاب دین ز اورامان می‌آید
خریداران یوسف‌گو که نقد جان بدست آرند
در این هنگام مولانا ز هندوستان می‌آید
به صرافان مصری گو که هر چه نقد جان دارند
نثار روی یوسف کن که در کنعان می‌آید
خوشا این مجلس عرفان شفای داغ دل دارند
به پیش کشتگان عشق شه‌گیلان می‌آید
بمهجوران کوی خود مزن آتش تو ای خالد
ز وادی ایمنت هر دم بنی عمران می‌آید
چه شد لطفی نفرمایند نظر بر ما کنی گاهی
نمی‌بینی که بر عاصی گهی غفران می‌آید
سعیدی وصفت ای خالد نداند چون کند تقریر
که او دردی نهان دارد پی درمان می‌آید

کتاب‌های چاپ‌شدهٔ مؤسسه انتشارات محمدی سقز

الف) کتاب‌های دینی

ردیف	عنوان کتاب	جلد
۱	شەریعەتی ئیسلام	٤ج
۲	بەهار و گولزار	۱ج
۳	تەفسیری قورئان (نامی)	۷ج
٤	سەرچاوەی ئایین	۱ج
٥	مەولوودنامە و میعراجنامە	۱ج
٦	فەرهەنگی خاڵ	۳ج
۷	تەفسیری خاڵ	٦ج
۸	اقتران النیرین	۹ج
۹	سیمای صادق فاروق اعظم(حضرت عمر)	۱ج
۱۰	ئیسلام و ڕێچکەکانی	۱ج
۱۱	نوێژ و پێویستیەکانی	۱ج
۱۲	جمع الجوامع	۲ج
۱۳	تهذیب الکلام	۲ج
۱٤	چۆن نوێژ دەکەی؟	۱ج
۱٥	تەلقین و نوێژی مردوو	۱ج
۱٦	مەولوودنامەی نەوئەسەر	۱ج
۱۷	وەفاتنامە	۱ج
۱۸	جزء عمه و تبارك	۱ج
۱۹	غەزای بەدر و حونەین	۱ج
۲۰	مەجلیسی ئەولیا	۱ج
۲۱	نصایحی مفیده	۱ج
۲۲	پێنج پایەی ئیسلام	۱ج
۲۳	نموونەیەك لە ئیسلام	۱ج
۲٤	میعراجنامە	۲ج
۲٥	فقه‌السنة	٤ج
۲٦	تاج‌الاصول	٦ج
۲۷	رسالەی فارسی در حیض و نفاس	۱ج
۲۸	حلال و حرام	۱ج
۲۹	عەقیدەی کوردی	۱ج
۳۰	تەفسیری سوورەی فاتحە	۱ج
۳۱	ژیانی پێغەمبەری مەزن	۱ج
۳۲	اظهار کافیه	۱ج
۳۳	ترجمەی روح‌الدین الاسلامی	۱ج
۳٤	ترجمەی رسالة التوحید	۱ج
۳٥	زندگی شگفت‌انگیز حضرت ابوبکر	۱ج
۳٦	سه فریضه، ترجمه: دکتر محمود ابراهیمی	۱ج
۳۷	قبلەی محمد	۱ج
۳۸	باور راستین اسلامی	۱ج
۳۹	۳۰۲ سؤال و جواب در امور دنیوی و اخروی	۱ج

ب) کتاب‌های شعر

ردیف	عنوان کتاب	جلد
١	دیوانی بێکەس	١ ج ٥٥
٢	دیوانی حاجی قادر کۆیی	١ ج
٣	دیوانی قانع	١ ج
٤	دیوانی ناری	١ ج
٥	دیوانی ئەحمەد موختاربەگی جاف	١ ج
٦	مصباح الدیوان	١ ج
٧	دیوانی وەلی دێوانە	١ ج
٨	دیوانی بێخود	١ ج
٩	دیوانی حەمدی	١ ج
١٠	دیوانی سالم	١ ج
١١	دیوانی پیرەمێرد	١ ج
١٢	دیوانی ئەحمەدی کۆر	١ ج
١٣	دیوانی حەریق	١ ج
١٤	دیوانی شێخ ئەحمەدی شاکەلی	١ ج
١٥	دیوانی دلدار	١ ج
١٦	دیوانی قانع (زەرکوب)	١ ج
١٧	دیوانی مەولەوی	١ ج
١٨	دیوانی مەولەوی (زەرکوب)	١ ج
١٩	رۆحی مەولەوی	١ ج
٢٠	کۆشکی بلوورین (هەژار)	١ ج
٢١	بتی شکاو (عبدالله پەشێو)	١ ج
٢٢	داڵ (شێرکۆ بێکەس)	١ ج
٢٣	رازی تەنیایی (چاپ جدید)	١ ج
٢٤	تەوژمی خەیاڵ (ئاسۆ)	١ ج
٢٥	گوڵەکانی دۆزەخ	١ ج
٢٦	دووبەیتییەکانی مەلا عومەری سالحی ساحێب	١ ج
٢٧	لەیلی و مەجنوون	١ ج
٢٨	خورشید و خاوەر	١ ج
٢٩	رۆستەم و زۆراب	١ ج
٣٠	شیرین و فەرهاد	١ ج
٣١	شیرین و خەسرەو	١ ج
٣٢	دمدم‌نامە	١ ج
٣٣	گوڵی سەربەستی	١ ج
٣٤	دیوان مەلاغەفوور مهابادی	١ ج
٣٥	بمناسە و بمپارێزە لەیلا سیمایی	١ ج
٣٦	شەو نییە خەونتان پێوە نەبینم ـ عەبدوللا پەشێو	١ ج

ج) کتاب‌های تاریخی (مێژوو)

داستانی (چیرۆک)

ردیف	عنوان کتاب	جلد
۱	کێشەی کورد	۱ج
۲	گەشتی ریچ بۆ کوردستان ۱۸۲۰	۱ج
۳	نظری به تاریخ و فرهنگ سقز	۱ج
٤	مونوگرافی سقز	۱ج
٥	حەیوان بە کەم مەزانە	۱ج
٦	یادداشتەکانی رەفیق حیلمی	۲ج
۷	قیام ملا خلیل	۱ج
۸	ئەحمەدی (بە کوردی)	۱ج
۹	پرورش کودك	۱ج
۱۰	خودآموز کردی	۱ج
۱۱	بنەڕەتی مەتەڵی کوردی	۱ج
۱۲	ئەوە چییە؟ (پەند و مەتەڵی کوردی)	۱ج
۱۳	خاکی دایك (رۆمان)	۱ج
۱٤	تاریخ و فرهنگ مکریان (زرکوب)	جلد اول
۱٥	تاریخ و فرهنگ و ادب مکریان بوکان (شمیز)	۱ج
۱٦	تاریخ و فرهنگ مهاباد، سردشت، مهاباد، اشنویه	۱ج
۱۷	کلاتەکار	۱ج
۱۸	مارەکەی شێخ هۆمەر	۱ج
۱۹	رشتەی مرواری	٤ج
۲۰	قصەگویی و نمایش خلاق	۱ج
۲۱	هاوار (کۆمەڵە چیرۆك)	۱ج
۲۲	شۆڕشەکانی کورد(مێژووی راپەڕینی کورد)	۱ج
۲۳	گوڵی شۆران عەتا نەهایی	۱ج
۲٤	مزگێنی محەمەد رەمەزانی	۱ج

لیست کتب مفید و مورد استقبال نمایشگاه بین‌المللی کتاب تهران

۱	باور راستین (غزالی)	ترجمه: دکتر ابراهیمی
۲	سه فریضه (عبدالرزاق نوفل)	ترجمه: دکتر ابراهیمی
۳	فقه‌السنه (سید سابق) ٤ جلدی	ترجمه: دکتر ابراهیمی
٤	زندگی ابوبکر صدیق (خلیفه اول) عباس محمود عقاد	ترجمه: خلیفی
٥	سیمای فاروق اعظم (خلیفه دوم)	تألیف: ماموّستا عبداله احمدیان
٦	قبله محمد	تألیف: ماموّستا عبداله احمدیان
۷	رسالة التوحید (شیخ محمد عبده)	ترجمه: ماموّستا عبداله احمدیان
۸	به‌سوی جهان جاویدان	تألیف: ماموّستا عبداله احمدیان
۹	ته‌فسیر سوره فاتحه	شیخ محمد خال
۱۰	۳۰۲ سؤال دینی برگرفته از یسئلونك	ترجمه: کمال روحانی
۱۱	دیوانی مه‌وله‌وی کورد	علامه ماموّستا موده‌ریس
۱۲	شاهنامه به کردی (دمدم‌نامه)	ماموّستا ملاکریم فیدایی
۱۳	مزگێنی	تألیف: محمد رمضانی
۱٤	گوڵی شۆران	تألیف: عطا نهایی
۱٥	شه‌و نییه خه‌ونتان پێوه نه‌بینم	عبداله په‌شیو
۱٦	دیوانی مه‌لا غه‌فووری ده‌باغی	حافظی مهابادی
۱۷	مێژوی راپه‌رینی کورد	علاءالدین سجادی
۱۸	روح‌الدین الاسلامی ـ زرکوب (عفیف طباره)	ترجمه: ابوبکر حسن‌زاده

سقز، خیابان امام خمینی جنب مسجد جامع انتشارات سقز (محمدی) تلفن: ۲۳٥۹٤

هه لبژاده ی هونراوه کان
0103KB0005555
شیخ شلتوت مهاباد

سقز - انتشارات محمدی

تلفن ۲۳۵۹۰-۲۸۱۷۳-۲۳۵۹۴ (۰۸۷۴)

شابک: ۹۶۴-۶۷۲۰-۱۰-۲